Kurdistannet کوردستان نێت

# ڕێبوار سیوەیلی بۆچی کتێبخانەکەی خۆی سووتاند!!؟؟

ئەحمەد سەلیم

دوێنێ کاتژمێر ٥ ی بەیانی هەندێك لە کتێبەکانی ڕێبوار سیوەیلی لە ژوورێکی سەرەوەیدا ئاگری تێبەردرا ، بەلاّم هەموو کتێبەکان نەبوون ، ئەوانەی بە لای کاك ڕێبوار زۆر گرنگ بوون پێشتر رزگار کرابوون.

ڕێبوار هەر زووش پەیوەندی بە زۆربەی کەسایەتیەکانی ئیعلامیو دەزگاکانی راگەیاندن کرد بۆ ئەوەی مەسەلەکە قەبارەیەکی گەورەی پێ بدرێت.

من یەکێك بووم لەو کەسانەی کە زوو پێوەندیان پێ کردم و چووم ، بەلاّم کە دیمەنەکەم بینی زانیم ئەوە ڕێبوار خۆیەتی ئەو گۆلّمەزەی دروست کردووە، دەنا خەلّکی هەولێر کەی بە درێژایی ئەم هەموو سالّەی رابردوو کارێکی وایان کردووە.هەمیشە غەدریان لێ کراوە. جگە لەوە خۆ ڕێبوار دارێکی ئەوەندە بلّند نەبوو تا خەلّك پێی نەوێرێ ، خەلّکی هەولێر دەیانتوانی هەر زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی تێر شەقی بکەن ، بەلاّم ئەمە ئەخلاّقی هەولێرییان و خەلّکی هەولێر نییە.

زۆر کەس هاتن و رەت بوون غەدری زۆر گەورەشیان لەم شارە کرد ، بەلاّم هەولێر هەر بە سەربەرزی مایەوەو ڕووڕەشیش تەنها بۆ ئەوانە مایەوە کە غەدریان لەو شارە بێوەیە کرد.

ئەمە یەکەم ڕووداو نیە لەو شارە ڕوودەدات ، پێش ڕێبوار زۆر کەسی تر خۆیان تاقی کردەوە.

هەر بۆ وەبیر هێنانەوە:

هاوتا ئەسعەدی گۆرانی بێژ نارنجۆکی بە دەرگای مالّی خۆی وەکرد، وای زانی بەم کارەی لەناو پارتی زۆر گەورە دەبێت و، دەبێتە بەرپرسی کوردستان تی ڤی ،بەلاّم خواو راستان زوو کەشف بوو، ئیتر لەناو پارتی ئەو ڕێزەی هەشیبوو لە دەستی دا.

بۆ ریش چوو سمێلّیشی لەسەر دانا.

**مومتاز حەیدەری ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی سووری کۆنەی هەبوو ، ماڵەکەی بە تەك بارەگای (م.س)ی حزبی شیوعی کوردستانەوە بوو، چۆلەکە نەیدەوێرا بەویٚ دا بڕوات، کەچی ئۆتۆمبێلەکەی لە ناو حەوشەش نا، لە دەرەوەی حەوشە تەقاندەوە، ئەویش وایدەزانی پارتی مۆنیکای لە جیاتی دەداتیٚو دەیکات بە وەزیر!!!بەلاّم هەیهوو!!پەتی درۆ کەی سەری گرتووە.**

**باشە خەڵکی هەولێر کەی لە هەموو ژیانیاندا کارێکی وایان کردووە لە بەرامبەر ئەوەی گاڵتە بە شارەکەیان کراوە.**

**ئەوە مێژوو ، ئەوە نەیارانی هەولێر، ئەوەش ماڵی کاك رێبوار بزانن خەڵك بە کوێدا چۆتە ژوورەوە ؟؟ بزانن ئاگر بە کوێدا رۆییوە؟؟ بزانن ئیجرائاتی بەدواداچوونی پۆلیس چییە؟؟**

**کاك رێبوار مەبەستی بوو بە گەرمی لە سلێمانی پێشوازی لیٚ بکەن ، وا ئاواتەکەی هاتە دی، بەلاّم با خەڵکی هەولێریش گوناهبار نەکات.**